# راپ.. موزیك یان دیاردەی كۆمەڵایەتی

و: ئەكرم ئەحمەد
سەرچاوە : هارمۆنی تۆڵك

Rap جۆرێكە لە موزیك لەگەڵ قسەی ئەمرۆدا، كە لەودا گۆرانیبێژ دەستەواژەو وشەگەلی ـ كێش دارـ بەشێوی ریتمی هاوریٚ لەگەڵ موزیكی سادەدا دەردەبرێت. گۆرانیبێژێكی راپ دەشێت ئەوەندە لە چرینی ریتمی ئـەوەدا شارەزابێت كە تەنانەت بەبیٚ پێداویستی بە مۆزیك لەو زەمینەیەدا بتوانێت هەستی هەبوونی موزیك بۆ گوێگر بگوێزێتەوە.

ریتمی ئەم مۆزیكە لە زۆر بابەتدا ٤\٤ بووە و بناغەكەی لە ستایڵی مۆزیكی وەكو soul، funk دا بەخش دەبێت، كە پشت بەستوو بە دووبارەیی ریتم ماوەیەكی درێژی هەیە، جیمز براون james brown یەكێك بوو لە گۆرانیبێژانی گەورەی soul لە دەیەی ٦٠ و ٧٠ كاندا كە لەهەندیٚ بابەتەوە لە كارەكانی خۆیدا دەستی بەقسەكردن كرد لە بارەی ریتمەوە. بەسەرنجێك لە كارەكانی ئەو هاوشێوەیەكی زۆر لە نێوان مۆزیكی راپ و رەوشەكانی كە ئەو بۆ چرینی گۆرانی هەڵیدەبژارد هەیبوو پەیپێبدەین. ئەو بابەتانەی لەسەرەوە باسكران، پێناسەیەكی ویكی پیدیا بوو بۆ راپ. لەم سایتەدا راپ وەكو ستایڵێكی مۆزیكی پۆپ باسكراوە.

تێكەڵ بوونی راپ بە فەرهەنگی وڵاتان

چاك بێت یان خراپ دەبێت قبوڵمان بێت ئەم ستایڵەلە مۆزیك (نەوتراونییە كە هەرچی ستایڵی كاری نێوەندە هونەریەكانە كەلە ستایڵی كلاسیك نزیك دەبـنـەوە، مەیلێكی كەمتر لە سوودمەندبوون لە زمانی مۆزیك بۆ راپ دێنێتە ئاراوە) كە بەندەیەكی رەشپێستی ئەمەریكاییە، ئەوەندەی ناوبانگ لەناو لاوانـی دنیادا هەیە هەتا توانیویەتی خۆی بترنجێنێتە ناو لاوانی وڵاتی ئێمەوە و جێگا بۆ خۆی بكاتەوە لەم فەرهەنگ و شارستانیە فراوانەدا.

ئێوە ئەمرۆ بە ئاسانی دەتوانن لەم جۆرەمۆزیكە ببینن بە فارسی، ئەویش لە تۆرەكانی رادیۆ و تەلەفزیۆنەكانی ئێراندا. ئەم بابەتە ئەوە نیشان دەدات كە بەرپرسانی فەرهەنگی وڵات بیانەوێت و نەیانەوێت لە حاڵەتی برەوپێدانی راپـدان یان بەهۆی بوونی نێوەندەكانەوە بەكردەوە توانای بەرگرتن لەو برەودانەیان نییە و نێوەندەكان ناچارن كە وەڵامی ئەم داوایە




بدەنەوە. ( سەرنج بدە سەبارەت بە سوود یان بیٚ سوود بوونی ئەم ستایڵە لە موزیك هیچ قسەیەكمان نییە).

ئایا راپ مۆزیكە؟

ئەگەر نیشانەكانی هەر پارچە مۆزیكێك بە پێی باو وەكو میلۆدی، هارمۆنی و ریتم بخەینە بەرچاومان، دەبێت زۆر سەرنجدەرانە، رەو راپ بین و بەجۆرێك لە مۆزیكی بزانین، لە بەرئەوەی جگە لە نیشانەی ریتمێك ، راپ لە جێبەجێكردنی میلۆدی و تایبەتمەندیەكانی هارمۆنیدا زۆر خاڵی لاوازی هەیە، باسی هارمۆنی بخـەرە لاوە، چونكە ئەم نیشانەیە لە راپی فەرهەنگەكاندا لەوەی ناوی دەنێن هارمۆنی بـەدوورە، وەرە بەسادەیی یەكێك لە نەغمە ناوچەییەكانی ئاشنا دێرینەكانی ئێرانی لەبەر خۆتەوە بڵێرەوە لەگەڵ پارچەیەك راپ بەراوردی بكە، بەئاشكرا پەی بە جیاوازییە زۆر و زەوەندەكانی دەبەیت، میلۆدی راپ بەرزو نزمی نییە، بەدرێژای ژەنینی climax تایبەتی لـەودا نابینرێت ، بەئاسایی لـۆژە لـەسەر هێڵێكی كورت دەجولێت ... دەبینیت تەنانەت لە زەمینەی جێبەجێكردنی میلۆدیشدا راپ ناتوانێت هاورای پێناسەكراوی ئێمە بێت لە مۆزیكدا.

بەم پێیە وادێتە بەر چاو ئەگەر بمانەوێت راپ لە كۆمەڵەی جۆرەكانی ستایڵی مۆزیك دابنێین، دەبێت زۆر دەست كراوانە توێژینەوەی نیشانەكانی موزیكمان لە راپدا قبوڵ بێت، یان لە بنەرەتەوە پێناسەیەكی نوێی نیشانەكانی میلۆدی و هارمۆنی بە جۆرێك راپ لەگەڵیدا بگونجێت بكەینەوە.

گەرانەوە بۆ دواوە.

یەكەمین بابەتی مۆزیك كە سەرنجی مرۆڤی راكێشا ریتم بوو. دوای ئەویش میلۆدی، دوای ماوەیەكیش بە پێشكەوتنی فیزیك و بەرزبوونەوەی ئاگایی موزیسیانەكان كەمتر لە ٥٠٠ ساڵی دوایـی هارمۆنی وەك زانستێك جێی خۆی لە موزیكدا كردەوە. ئێستا پرسیارەكە لێرەدایە كە ئەگەر راپ جەخت لە سەر ریتم دەكاتەوە و بە جۆرێك لە موزیك دادەنرێت، ئایا ئەوە ناگەیەنێت كە جۆرە جولانێك هەیە بەرەو دواوە لە مۆزیكدا؟

لە راستیدا لە مۆزیسیانی جدی و هەواداری ستایڵە جدیەكان، بە كەمێك رامانەوە ـ دەركەوتنی راپ لە مەیدانی موزیكدا بە گەرانەوەیەك دەزانن بۆ چاخی بەردین.

لە ئەنجامی بەدواداچوونێكی كۆمەڵایەتیدا

لە حاڵەتی پێداچوونەوەدا بووین بۆ راپ كە لەگەڵ یەكێك لـە لاپـەرەكـانـی سایتی . psychology today.com رووبـەرووبـوویـنـەوە بـە ئـەنجامـی لـێكـۆڵـیـنـەوەیـەك، لەم رۆژنامەیەدا هاتبوو لە ئەنجامی بەدواداچوون و توێژینەوەكاندا كە ئەنجام دراون لە كەنەدا لەسەر ٣٥٠ كور و كچ نیشانی دەدات، دەستەیەك لەوان كە گویٚ لە موزیكی راپ دەگرن، بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەدا كە كویٚ لە موزیكی ئارامتر دەگرن، زەمینەیەكی زیاتر بۆ سوود مەندبوون لە مادەی سركار و دەرمانخۆری و تاوان و بیٚ سەر و بەری لەسەر شەقامەكان ... دەبینرێت.

ووتەیەكی نەگونجاو

بـەداخـەوە، خاڵێك كـە لەجێی ئـەم ستایڵەی مـوزیـك لە ستایڵەكانیتری موزیكی ئەمرۆ جیادەكاتەوە، یان روونتر دەبێتە هۆی دابەزینی بەهاكەی، بابەتی زبر و ژاوەژاوەكانی گۆرانی راپ و سوودمەندبوونی دووبارە لە زمان و زاراوەی دوور لە ئەدەب و لە ووتەی زۆرێك لە نەسكەكانی دەرەوەی گۆرانیەكانی راپدا هەیە.

ئەم بابەتە ئەوەندە گەورەبووە كە بۆتە هۆی رووبەرووبوونەوی زۆر لە دایك و باوكان لەبەرامبەر ئەو مندالانەیان كە ئارەزویان بە گوێگرتنە لە راپ، لەم بارەیەوە بینینی فیلمە سینەماییەكانی كە لەوانە زۆربەی روخسارە نەخوازراو و ناشیرینەكان لەوانەش هەوادارانی موزیك و فەرهەنگی راپن، وای كردوە كە هەوادارانی ئـەم ستایڵەی موزیك ـ زۆرجـار بـەم جـۆرە تاكانە بـەراورد دەكرێن.

جێگای ئێستای راپ

نزیكەی ٢٥ سـاڵ لـە تـەمەنی راپ دەگـوزەرێـت و ئەمرۆ بینەری ئەوین كە ئەم ستایڵەی موزیك ـ لە زۆر لە فیلمەكاندا ، زنجیرەی تەلەفزیۆنی بەرنامەی رادیۆیی لە هەموو ووڵاتەكاندا بڵاودەكرێتەوە و سودیان لێوەردەگیرێت، ئەوانەیكە خۆیان بەلایەنگری سەرسەختی cd ی راپ دەزانن فەهەنگی تایبەتیان هەیە، لە پۆشینی جل و بەرگ و ئارایشتكردندا، بە رواڵـەت ناكرێت بۆ فەرهەنگە جۆراو جۆرەكان بەسەند بن ( تەنانەت لە ئێرانیشدا لە هەندێك لە زنجیرەكاندا كەسانێك بە نیشانەكانی دەرەكی راپ بەجۆرێك رۆڵ دەگێرن).

دەشێت بتوانرێت راپ زیاتر بەدەنگی دەستەیەكی زۆر لە نەوەی نویٚ بزانریٚ ، تا ستایلێكی موزیك. دەنگێك كە دەتوانێت خۆپیشاندانی سیاسی، لایەنی چاك و خراپی كۆمەڵایەتی هەبێت. راپ دەتوانێت بۆ لاوانـی ئارەزومەندانیخۆی پارە هێنەریش بێت، چونكە ماوەیەكە گۆرانی راپ توانیویەتی لە ریزی سـەرەوەی خشتەكانی موزیكی ئەمەریكاو ئەوروپادا بێت و گروپەكانی راپ بەشێك بن لە جەماوەریترینی گروپە موزیكییەكان. بـەم جـۆرە وەك و ریزبەندیەك دەشێت وا باشبێت راپ لە جیاتی ئەوەی ناوی ستایلێكی موزیكی لێبنێین، وەكو جوڵانەوەیەكی كۆمەڵایەتی تێكەڵ بە هونەر بوو ناوی لێبنێین.